

# سووکایەتی کردن بە پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدان ئیدانە دەکرێ

پێشمەرگەو شەهیدانی پێشمەرگە، ڕەمز و هێمای سەرفرازیی نەتەوەیی گەلی کوردن و کورد بە بێ ئەو هێزە هیچی بۆ نامێنێتەوە. بۆیە هیچ کوردێکی شیرپاک و ڕەسەن بە سووکی سەیری پێشمەرگەو شەهیدانی پێشمەرگە و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان ناکات، بەڵام بەداخەوە کەسانی بەناو کوردو لایەنی بەناو حزب و بزووتنەوەی کوردیی وا پەیدا بوون، کە نەک ئەو بەها نەتەوەییانە بۆیان گرینگ نییە، بگرە زۆر بێشەرمانە سوکایەتی بە پیرۆزییەکانی نەتەوەکە دەکەن، نموونەشیان پەرلەمانتارێکی ئافرەتی سەر بە بزووتنەوەی گۆڕان—ە کە لە بەردەم شاشەی میدیای عەرەبیدا سوکایەتی بە هاوسەرو خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان کرد، ڕێکخەرانی بزووتنەوەکەشی نەک بێدەنگیان لێ کرد، بگرە داواشیان کرد، هێزەکانی پێشمەرگە لە ناو سوپای عێراقیدا جێگیر بکرێن. ئەوەش شەقامی کوردستانی جووڵاندو نەک هەر پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدان، بەڵکو هەموو هاووڵاتییەکی نیشتمانپەروەری هەژاند. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان ڕاوسەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.



قسەکانی سروە عەبدولواحید، پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان لەبارەی پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدان لەگەڵ کەناڵێکی عەرەبی، لە چەند رۆژی رابردوودا کاردانەوەی توندی ناوخۆیی لە باشووری کوردستان لێکەوتەوە، دواتر وەزارەتی پێشمەرگەو فراکسیۆنی پارتی و رێکخراوی خێرخوازیی ئاشتیی نێودەوڵەتی سکاڵایان لەسەر تۆمارکرد. رۆژی ١٢-١٢-٢٠١٦، هەریەك لە ئامینە زکری و دڵشاد شەعبان، پەرلەمانتارانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی، لەدادگای دهۆك سکاڵایان لەسەر (سروە عەبدولواحید، پەرلەمانتاری سەربە بزووتنەوەی گۆڕان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) تۆمارکرد، هاوکات کەسوکاری شەهیدان گردبوونەوەیەکیان بۆ بەردەم دادگای دهۆك رێکخست و داوایان کرد ناوبراو دادگایی بکرێت. لە هەولێری پایتەختیش دەستەیەك پارێزەر بە ناوی (دەستەی پارێزەرانی خۆبەخش) کۆنگرەیەکی رۆژنامەییان رێکخست و رایانگەیاند «قسەکەی سروە عەبدولواحید دەچێتە قاڵبی ناوزڕاندن و سووکایەتیکردن بە خێزانی شەهیدان». راشیانگەیاند بەپێی رێککارە یاساییەکان بەدواداچوون بۆ کەیسەکە دەکەن و دەیخەنە بەردەم داواکاری گشتی.

تەوری کامل قادر هاوسەری شەهید حسێن عادل، وەك کەسێکی بنەماڵەی سەرفرازی شەهیدان دەڵێت: «پێشەکی سەری رێزو نەوازش بۆ سەرجەم شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان دادەنوێنم، زۆر زۆر بەداخەوە بۆ ئەندام پەرلەمانێك کە بەو شێوەیە سووکایەتی بە شەهیدان و بنەماڵەکانیان دەکات. منداڵانی شەهید و کەسوکاری شەهیدان چاویان لەنوێنەرانی کورد بوو لە بەغدا، کەوا شتێکیان بۆ بکەن، چاویان لەوەبوو کەوا بیانگرنەباوەش و خەمەکانیان لەبیر ببەنەوە، بەڵام لەجیاتی ئەمە ئەندام پەرلەمان عێراق، هەستا بە بێڕێزیکردن بەرامبەر بە خوێنی شەهیدان و دڵخۆشکردنی دوژمنانی کوردستان و ناحەزان، با لەجیاتی ئەم قسانەی سەردانی خێزانی شەهیدانی بکردبایەو قووتوویەك شیری بۆ منداڵە بێنازەکان هێنابا، ئەو منداڵانەی بێبەش بوون لەنازی باوکایەتی. هەزار سروەو هاوشێوەی سروە بەقوربانی تاکە پۆستاڵێکی شەهید بن کە رۆحی خۆی فیدا کرد بۆ ئەوەی خەڵك بە ئازادی بژین، بەداخەوە خەڵکی سلێمانی کە هێمای خۆشەویستیی وڵاتن و شەهیدێکی زۆریان بۆ رزگاری داوە، کەچی دەنگیان بە کەسێك دا، کە ئیهانەی خوێنی شەهیدەکان دەکات، بەڵام خەڵکی بەشەرەفی سلێمانی و هەموو شارەکانی کوردستان هەرگیز بێڕێزی بە خوێنی شەهیدان قبووڵ ناکەن. چونکە شەهیدان خۆیان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بەخت کردووە، کوردستانیش وڵاتی هەموو پیاو و ژن و منداڵێکی کوردە، بۆیە ئێمەش لەدوای شەهیدەکانمان پێشمەرگەئاسا درێژەپێدەری رێبازی شەهیدەکانمان دەبین و هیچ کات نابینە هۆی سەرشۆڕی و بەفیڕۆچوونی خوێنی ئازیزانمان. لێرەدا پەیامێك ئاراستەی گشت ئافرەتانی خاوەن شەهید دەکەم، کە هیچ کات ئەو جۆرە قسەو لێدوانانە نەبیتە هۆی سستی و لاوازییان، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێت بە هێز و ورەیەکی بەرزترەوە درێژە بە ژیان و پارێزگاری لەخانەوادە و دەستکەوتەکانی شەهیدەکانمان بدەین، دواڕۆژی ئەو جۆرە کەسانەو ناحەزانی گەلەکەشمان تەنیا ریسوابوونەو سەربەرزی هەر بۆ خانەوادەی شەهیدو پێشمەرگەکانی کوردستانە.»

پێشمەرگەو کچە شەهید ئارەزوو قەدری شەهاب، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «من وەکو کچە شەهیدێك ماوەی پێنج ساڵە چەکی شەرەفم لەشان کردووە، لەفەرماندەی زێرەڤانی لەچەندین ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکان بەشداریم کردووە، بەشبەحاڵی خۆم بۆ دەربڕینی نارەزایی و ئیدانەکردن ئامادەم سکاڵای یاسایی لەسەر ئەو پەرلەمانتارە تۆماربکەم و بچمە بەردەم دادگا، ئەوان بێئاگان لەوەی سووکایەتیکردن بە خانەوادەی شەهیدان هێڵی سوورەو کەس بۆی نییە ئەو کارە بکات. ئێمە ساڵانێکە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان پۆل پۆل شەهید بەم نیشتمانە دەبەخشین.»

لەلای خۆیەوە د.ڤیان سلێمان سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەمجۆرە راوسەرنجی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو: «لە ئێستادا کە هەرێمی کوردستان بە بارودۆخێکی

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**پەیامێک ئاراستەی گشت ئافرەتانی خاوەن شەهید دەکەم، کە هیچ کات ئەو جۆرە قسەو لێدوانانە نەبیتە هۆی سستی و لاوازییان، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێت بە هێز و ورەیەکی بەرزترەوە درێژە بە ژیان و پارێزگاری لەخانەوادە و دەستکەوتەکانی شەهیدەکانمان بدەین، دواڕۆژی ئەو جۆرە کەسانەو ناحەزانی گەلەکەشمان تەنیا ریسوابوونەو سەربەرزی هەربۆ خانەوادەی شەهیدو پێشمەرگەکانی کوردستانە**

**وەزیری بەرگری وڵاتێکی زلهێزی دونیا میدالیای سەربەرزی و ئازایەتی شەڕەف دەبەخشێتە پێشمەرگە، کەچی پەرلەمانتارێکی سەر بە گۆڕان سووکایەتی بەهێزی پێشمەرگەو خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان دەکات. خوێنی شەهیدان و پێشمەرگە هێڵی سوورن، بۆیە پێویستە ئەو پەرلەمانتارە بدرێتە دادگاو سزا بدرێت و ناسنامەی کوردیی لێ وەربگیرێتەوە**

**وەکو کچە شەهیدێک ماوەی پێنج ساڵە چەکی شەرەفم لەشان کردووە، لەفەرماندەی زێرەڤانی لەچەندین ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکان بەشداریم کردووە، بەشبەحاڵی خۆم بۆ دەربڕینی نارەزایی و ئیدانەکردن ئامادەم سکاڵای یاسایی لەسەر ئەو پەرلەمانتارە تۆماربکەم**

هەستیارو سەختدا تێدەپەڕێت، لەهەموو کات زیاتر پێویستە هەمووان بەرپرسیارانە لە هەلومەرجەکە بڕوانن، ئەمەش بۆ ئەوانەی کە بەرپرسیاریەتی سیاسییان لەئەستۆیە چەندبار دەبێتەوە. جێگای داخە (سروە عەبدولواحید) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە بە دەنگی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و هاونیشتمانییانی کوردستان بەم دامەزراوە گرینگە گەیشتووە، بەشێوەیەکی نابەرپرسانە لەکەناڵێکی عەرەبییەوە وێڕای ئەوەی بێڕێزی بەپێشمەرگە کردووەو تاوانباری کردوون بەپێشێلکردنی مافی عەرەب، بێڕێزییەکی بێسنووری بەخێزان و کەسوکاری شەهیدان کردووە، وەك هەوڵێك بۆ لەشکۆدانی شکۆمەندییەکانی نەتەوە، چونکە کەسوکاری شەهیدانی کوردستان هێمای قوربانیدان و شکۆی نەتەوەن. وەك دەزانین بە هۆی جەنگی تیرۆریستانی داعش و ئەو ژمارە زۆرەی شەهیدان کە لەم جەنگەدا گیانی پیرۆزی خۆیان بەکوردستان بەخشی، ئافرەتان لە هەر توێژێك زیاتر دووچاری نەهامەتی بوونەتەوە، سەرەڕای خەمی قورس و ئازاری لەدەستدانی ئازیزانیان ئەرکێکی قورسیان کەوتۆتە ئەستۆو بە سەربەرزییەوە رووبەڕووی نەهامەتییەکانی ژیان بوونەتەوە، چونکە یەك لەخاسییەتە هەرە دیارەکانی خێزانی شەهیدانی کوردستان بەدرێژایی مێژوو سەربەرزییان بووە لە رادەستنەبوونیان بەنەهامەتییەکانی ژیان، کە هەموو کات خانەوادەی شەهید باشترین قوتابخانە بوون بۆ پێگەیاندنی کەسایەتییە سەرکەوتووەکان، ئەمەش روونەو پێویستیمان بە نموونە هێنانەوە نییە. ئەم لێدوانەی سروە عەبدولواحید، جگە لەوەی کە هەڵەیەکی کەسیی کوشندەیە، بەڵام ئەو کەسایەتییەکی گشتییەو نوێنەرایەتی بزووتنەوەیەك بە ناوی گۆڕان دەکات، لێرەدا هەڵوێستی ئەم پەرلەمانتارە گۆڕانیش تووشی بەرپرسیاریەتییەکی مێژوویی دەکاتەوەو بێدەنگبوون لەگوتارێکی لەم شێوەیەی هەڵسووڕاو و دەمڕاستێکیان، ئەگەر گوتاری راستەوخۆی بزووتنەوەکەش نەبێت، کە من لێرەدا گومانم هەیە، چونکە ئەگەر لەقەوارەی گوتاری سیاسیی ئەم بزووتنەوەیە بڕوانین، دەبینین بریتییە لەگوتارێکی حزبی، نەك نەتەوەیی و نیشتمانی.

لەلای خۆیەوە ئاواز حەمید ئەفەندی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بە رای من ئەوەی بۆ وڵات و نیشتمان لەهەموو شتێك گرینگترە، ئەوەیە کە پێش ئەوەی حزب و لایەنە سیاسییەکان نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن پێویستە لێکۆڵینەوە لەو کەسانە بکرێ، بۆ دڵنیابوون لەدڵسۆزی و نیشتمانپەروەرییان، هەروەها ئاستی پێویست لە رۆشنبیری و لەپێگەیشتوویان لەهەموو پێوەرەکان، ئەگەرنا دەبنە مایەی شەرمەزاری بۆ خۆیان و میللەت و حزبەکەیان، ئینجا لە هەر رەگەز، یان پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بن. جێگەی داخە ئەگەر نوێنەری میللەت خیانەت لەگەل و نیشتمان بکات، ئاخۆ دەبێت چارەنووسی ئەو میللەتە چی بێت و کێ دەبێت بەرپرسیاری سەرەکیی ئەو تاوانە گەورەیە بێت؟ وەڵامەکەی بۆ هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر بەجێدەهێڵم.»

ئامینە زکری ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، لەدەستپێکی قسەکانیدا دەڵێت: «جێگەی داخە کە هاونیشتمانییەك و هاونەتەوەیەك، لەهەمووی خراپتر کە هاوڕەگەزە، ئەمڕۆ بێت و بێڕێزی بەشەهیدان و کەسوکاریان بکات، ئەو شەهیدانەی گیانی خۆیان بە کوردستان بەخشی، بۆ ئەوەی کەرامەت و نامووس و شەرەفی خەڵکی کوردستان بپارێزن، دایك و باوکی شەهیدان رۆڵەکەیان بۆ ئەوە بە کوشت نەداوە، تاوەکو کەسانێك بێڕێزی بەرامبەر بە دایك و خوشکیان بکەن، ئەوە ئەوپەڕی نادادپەروەری و هەستنەکردنە بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە خاکی کوردستان و پیرۆزیی شەهیدان.» گوتیشی: «ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان لەبری ئەوەی لە بەغدا داکۆکی لەمافەکانی گەلی کورد بکات و شەڕ بۆ دەرماڵە و مووچە و ئیمتیازاتی پێشمەرگە بکات، بەداخەوە سووکایەتی بە پیرۆزییەکانی نیشتمان دەکات، لە رابردوودا گۆڕان دەیگوت پێشمەرگە لەمحافلی نێودەوڵەتیدا ترسنۆکە، جارێکی دی دەیگوت پێشمەرگە میلیشیایە، تەنانەت گۆڕان داوای کرد کە پێشمەرگە لە کەرکووك دەربچێت و عەرەبی سوننەو شیعە بێنە ناو کەرکووك، ئەمجارەشیان بێحورمەتیکردن بە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان جێگەی داخ و کەسەرە، زمان لە ئاست ئەم سووکایەتی پێکردنە ناتوانێ بەهیچ وشەیەك گوزارشت لەدۆخی دایك و خوشك و هاوسەرو منداڵی شەهیدان بکات، تاکی کورد بەهەموو تەمەنی قەرزداریانە و ناتوانێ قەرەبووی ئێش و ئازاریان بکاتەوە. لە پێناو پاراستنی کەرامەتی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان، من و کاك دڵشاد شەعبان ئەندام پەرلەمانی کوردستان کە کوڕی شەهیدێکی ئەم کوردستانەیە، داوای یاساییمان لەسەر ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان تۆمارکرد .

سیروان رەسول بەرپرسی ناوەندی لاوانی دیانا، دژی قسەکانی پەڕلەمانتارەکەی گۆڕان دەڵێت: «ئەوپەڕی شەرمەزارییە کە کەسێك سووکایەتی بەخانەوادەی شەهیدە سەربەرزەکان و پێشمەرگە قارەمانەکان بکات، چونکە کەسوکاری شەهیدان گیانی ئازیزترین کەسیان بەخشییە خاك و وڵات، بەڵام کەسە بچووکەکان هەوڵدەدەن بەهەر جۆرێك ناویان بکەوێتە ناو ناوان، ئەوجا چاك و خراپ بەلای ئەوانەوە گرنگ نییە.» گوتیشی: «پێشمەرگە سیمبولی هەموو دنیایەو لەجیاتی هەموو جیهان شەڕی تیرۆر دەکات. ئەوەتا وەزیری بەرگری وڵاتێکی زلهێزی دنیا میدالیای سەربەرزی و ئازایەتی شەڕەف دەبەخشێتە پێشمەرگە، کەچی پەرلەمانتارێکی سەر بە گۆڕان سووکایەتی بەهێزی پێشمەرگەو خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان دەکات. خوێنی شەهیدان و پێشمەرگە هێڵی سوورن، بۆیە پێویستە ئەو پەرلەمانتارە بدرێتە دادگاو سزا بدرێت و ناسنامەی کوردیی لێ وەربگیرێتەوە. دەبێت قەرەبووی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان بکرێتەوەو داوای لێبووردن بکات و بڵێت من بە بچووکی و نەزانینی خۆم کردم، ئێوە بە گەورەیی و سەربەرزی و خۆڕاگریتانەوە لێم ببورن .»

**بە هۆی جەنگی تیرۆریستانی داعش و ئەو ژمارە زۆرەی شەهیدان کە لەم جەنگەدا گیانی پیرۆزی خۆیان بەکوردستان بەخشی، ئافرەتان لە هەر توێژێك زیاتر دوچاری نەهامەتی بوونەتەوە، سەرەڕای خەمی قورس و ئازاری لەدەستدانی ئازیزانیان ئەرکێکی قورسیان کەوتۆتە ئەستۆو بە سەربەرزییەوە رووبەڕووی نەهامەتییەکانی ژیان بوونەتەوە**

**ئەگەر نوێنەری میللەت خیانەت لەگەل و نیشتمان بکات، ئاخۆ دەبێت چارەنووسی ئەو میللەتە چی بێت و کێ دەبێت بەرپرسیاری سەرەکیی ئەو تاوانە گەورەیە بێت؟ وەڵامەکەی بۆ هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر بەجێدەهێڵم**

**جێگەی داخە کە هاونیشتمانییەك و هاونەتەوەیەك، لەهەمووی خراپتر کە هاوڕەگەزە، ئەمڕۆ بێت و بێڕێزی بەشەهیدان و کەسوکاریان بکات، ئەو شەهیدانەی گیانی خۆیان بە کوردستان بەخشی، بۆ ئەوەی کەرامەت و نامووس و شەرەفی خەڵکی کوردستان بپارێزن**



## د.بەهار سلێمان عیسا:

# ئەگەر پێشمەرگە نەبوایە،ئێستا سرووش لەژێردەستی داعش دەبوو

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**دوای ئـەوەی پەرلـەمانتارێکی سـەربە بزووتنـەوەی گـۆڕان لـەبـەردەم شاشـەی میدیای عەرەبیدا سـووکایەتی بەپێشـمەرگەو هاوسـەرو خانەوادەی سـەربەرزی شـەهیدان کرد، ئـەو لێدوانـەی کەسـی بێ، یـان حزبـی، شـەقامی کوردسـتانی خرۆشـاندو نـەک هـەر پێشـمەرگەو کەسـوکاری شـەهیدان، بەڵکـوو هەمـوو هـاووڵاتییەکـی نیشـتمانپەروەری تـووڕە کـردو جگـە لـەخۆپیشـاندان، تۆمارکردنـی سکاڵای یاساییشـی لێکەوتـەوە. لـەم دیمانەیەشدا د.بەهـار سلێمان عیسـا جێگـری سـەرۆکی لیژنـەی ئافرەت و منداڵان و خێزان لەئەنجومەنـی نوێنەرانی عێراق . سـەبارەت بە رۆڵـی پەرلـەمانتار و کێشـەکانی هەرێـم و چەنـد پرسـیاری دیکـەی رۆژ وەڵامـی پرسـیارەکانی گـوڵان دەداتـەوە.**

**هەموومان قەرداری پێشمەرگەین کە بەردوام لەبەرەکانی شەڕن و بەرگری لەشەرف و خاک و نیشتمانی ئێمە دەکەن. ئەگەر پێشمەرگە نەبوایە، ئێستا سروە-ش لەبەغدا نەبوو، بەڵکو ئەویش لەژێردەستی داعش دەبوو**

**بەداخەوە هیچ پەرلەمانتارێکی ژنی کورد لە بەغدا تا ئێستا نەهاتووە بڵێت ئەمە ناحەقییە بەرامبەر بە پێشمەگەر و خانەوادەی سەربەرزی شەهید دەکرێ**

**نامەنەوێت وەک حزبی گۆڕان و سروە کێشەی کورد ببەینە بەغدا، چونکە وەک پێشتر باسم کرد، بەغدا ناتوانێت کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات، ئێتر چۆن دەتوانێت کێشەی کورد چارەسەربکات**

**• سووکایەتیکردن بەپێشمەرگەو کەرامەتی هاوسەرو کەسوکاری شەهیدان، ئەگەر جۆرێك لەنەخۆشی دەروونی نەبێت، ئەوا بێگومان دەچێتە خانەی ناپاکی و خیانەتی نەتەوەیی، وەك بینیمان پەرلەمانتارێکی سەربە گۆڕان بێ سڵەمینەوە لەبەردەم شاشەیەکی میدیای عەرەبیدا بەو ئاراستەیە لێدوانی دەدا. وەك خانمە پەرلەمانتارێك چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەو جۆرە سووکایەتیکردنە بە رەمز و هێماکانی نەتەوە هەیە؟**

- سەبارەت بەو ئەندام پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی گۆڕان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە لەدیمانەیەکی کەناڵە عەرەبییەکانی عێراق بە بیروبۆچوونی خۆی باس لەنەهامەتی خێزانی پێشمەرگە دەکات، بەڵام نەیزانی ئەوە سووکایەتییە بەخێزانی پێشمەرگەو ژنەشەهیدان کە دەڵێت: «ئەوان خۆیان دەفرۆشن کاتێك هاوسەرەکانیان شەهید دەبن.» ئەمە جێگای قبووڵکردن نییە. من چ وەك ئافرەتێك، چ وەك پەرلەمانتارێك، چ وەك کچە شەهیدێك و چ وەك تاکێکی کورد، ئیدانەی هەر جۆرە سووکایەتیکردنێك بە پیرۆزییەکانی نەتەوەکەم دەکەم، چونکە ناکرێت هیچ کەسێك بەم شێوە نارەوایە باس لە پێشمەرگەو خێزانی شەهیدەکان بکات. ئێمە دەزانین هەرێمی کوردستان بە بارودۆخێکی ئێجگار قورسدا تێدەپەڕێت. لەلایەك قەیرانی دارایی و شەڕی داعش و لە لایەکی دیکەوە بوونی سەدان هەزار ئاوارە لەهەرێمی کوردستان، ئەمانە هەمووی لەسەر دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان کاریگەریی راستەوخۆی هەبووە، بەتایبەتی لەسەر خێزانی شەهیدانی پێشمەرگە کە قوربانی گەورەیان بۆ خاك و میللەتی خۆیان داوە. لەهەموو مێژووی کورددا هیچ کاتێك ئافرەت لەبەر نەبوونی و باری داریی ئامادەنەبووە خۆی بفرۆشێت. بەپێچەوانەوە ئافرەتی کورد هەموو کات بە قارەمانێتی خۆی لەگەڵ پێشمەرگە بەردەوام بووە لەسەنگەرەکانی شەڕ و لەپەروەردەکردنی منداڵ کە زۆرجار هەم دایك و هەم باوك بوون بۆ منداڵەکانیان. هەمووبان دەزانین ئافرەتی کورد بەوە ناسراوە کە بەردوام پارێزگاری لەشەرەف و ناموسی خۆی و خاکەکەی کردووە، چۆن ئێستا دەبێت رێگە بدرێت کەسێك بێت و سووکایەتی بەئافرەتی کورد و بەتایبەتی بە هاوسەری شەهید بکات؟

**• پەرلەمانتار واتە یاسادانەرو ئەرکی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاوە بۆ کێشەکان، بەڵام ئەوەی سروە عەبدولواحید بەرامبەر پێشمەرگە دەیکات، ئایا ناچێتە خانەی خیانەتی نیشتمانی؟**

- ئێمە وەك کورد نابێت بە هیچ شێوەیەك و هیچ جارێك کێشەی هەرێم ببەینە عێراق، چونکە ستراتیژی ئێمە سەربەخۆییەو دەمانەوێت کێشەکانی هەرێم لە نێوخۆدا چارەسەربکەین. ئەگەر ئەحزابی سیاسیی خۆمان نەتوانن کێشەکانمان چارەسەر بکەن، قەت جێگای باوەڕ نییە کە حزبێکی سوننە، یان شیعەی عێراقی بیەوێت کیشەی کورد چارەسەر بکات، چونکە هیچ کاتێك عەرەب بەرژەوەندیی کوردی نەویستووە، بۆیە ئەوە بە بەکارێکی نارەوا بەرامبەربە نیشتمانی دەزانم کاتێك پەرلەمانتارێکی کورد لەکەناڵێکی عەرەبی دەڵێت: «باپێشمەرگە بێت لەبەغدا مووچەکەی وەربگرێت». ئەو هەموو قارەمانەتی و فیداکاری و خوێنبەخشینەی پێشمەرگە تەنیا بۆ ئەوە بووە کە ئێمەی هاووڵاتی بەئاسوودەیی لەکوردستان بژین، پێشمەرگە بۆ ئەوە خۆی نەکردووە بە قوربانی کە ببێتە سەربازی عێراقی و بچێت لەبەغدا مووچە وەربگرێت، بۆیە بە رای من داواکاری لەو جۆرە کارێکی نارەوایە لەخەباتی چەندساڵەی پێشمەرگەو میللەتی کورد.

**• چاودێران دەڵێن ئەوەی پەرلەمانتارانی گۆڕان بەرامبەر کوردستان و پێشمەرگە لەناو پەرلەمانی عێراق و میدیا عەرەبییەکان دەیکەن، رای شەخسی پەرلەمانتارێك نییەو بەرنامەو ئامانجی بزووتنەوەی گۆڕانە، ئایا ئەو رق و کینەیە بەرامبەر کوردستان و پێشمەرگە دەبێت لە چییەوە سەرچاوەی گرتبێت؟**

- بە بڕوای منیش ئەوە بیروبۆچوونی خۆی نییە، چونکە ئەگەر ئەمە تەنیا بیروبۆچوونی خۆی بیت، بۆچی تاکو ئێستا حزبی گۆڕان هیچ روونکردنەوەیەکی لەسەر قسەکانی ئەو پەرلەمانتارە نەداوە بەیاننامەیەکی نییە کە بڵێت قسەکانی ئەم ئەندام پەرلەمانە راوبۆچوونی حزبی گۆڕان نییەو تەنیا بیروبۆچوونی خۆیەتی. ئەمە جاری یەکەم نییە کە سروە لەکەناڵە عەرەبییەکان قسەدەکات و لە هەموو دیمانەکان ئەوەندە باسی مافی کوردو پێشمەرگەو ناکات، ئەوەندەی باسی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆك بارزانی دەکات، ئەمەش تەنیا بۆچوونی ئەم خاتوونە نییە، لەبیری نەکەین ئەمین بەکر وەسفی پێشمەرگەی بە «مێرنیشیناتی»کرد، بەئەنقەست یەك دوو ئەندامانی فراکسیۆنی گۆڕان دەردەکەون و بە نەرێنی باسی حکومەتی هەرێم دەکەن، ئەمە بیروبۆچوونی کەسی نییە، بەڵکو ئەجندایەکی حزبییە .

**• ئایا تاچەند گرنگە هەموو خانمانی پەرلەمان لە هەموو خولە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عێراق، وەك بەرگری لەهاوسەر و دایکی پێشمەرگە، پێکەوە هەمووتان داوایەك ئاراستەی داواکاری گشتی بکەن بۆ ئەوەی بەیاسا رێگە لەم دیاردەیە بگرێت ؟**

- هەر هەوڵێك بدرێت بەوەی کە ئێمە ناڕازین بەو سووکایەتییەی بەپێشمەرگەو خێزانی شەهیدان کراوە، ئەمە شتێکی باشە، بەڵام بە رای من ئەم سکاڵایە لەلایەن خێزانی شەهیدان و پێشمەرگەوە بکرێت، باشترە،

چونکە ئەوان بەستراونەتەوە بەو سووکایەتییەوە، ئێمەش نامەنەوێت وەك حزبی گۆڕان و سروە کێشەی کورد ببەینە بەغدا .

**• پەرلەمانتارەکانی سەربە حزبەکانی دیکە چ هەڵویستێکیان لەسەر قسەکانی ئەو ژنە پەرلەمانتارەی گۆڕان هەیە ؟**

- تاکو ئێستا نەمدیوە ئەندام پەرلەمانی هیچ حزبێکی دیکەی کورد هەڵوێستیان هەبێت، بەداخەوە زۆربەیان بەرگرییان لێ کردووە، بۆ نموونە ئالا تالەبانی بەرگری لێ دەکات. بەداخەوە هیچ پەرلەمانتارێکی ژنی کورد لە بەغدا تا ئێستا نەهاتووە بڵێت ئەمە ناحەقییە بەرامبەر بە پێشمەگەر و خانەوادەی سەربەرزی شەهید دەکرێت.

**• دەگوترێ پرۆژە بودجەی گۆڕان و حزبەکانی دیکە تەنیا بازاڕگەرمی و موزایدەی سیاسی بووەو هیچ دەستکەوتێکی بۆ مووچەی فەرمانبەران و مووچەی پێشمەرگەی لەخۆی گرتووە. چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەو رایە هەیە؟**

- من وەك ئەندام پەرلەمانێك دەڵێم چارەسەری کێشەی مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە نەك سەرکەوتوو نەبووە، بەپێچەوانەوە ئەوان هیچ شتێکی روونیان لەنێو یاسای بودجە نەبووە. ئێمە وەك فراکسیۆنی پارتی هەموو هەوڵێکمان دا مووچەی ١٠٠ هەزار پێشمەرگە دابین بکەن، کەچی پێشمەرگە بووە بەشێك لە(هێزی وشکانی ) کە لەوەزارەتی بەرگری «تخصیص»ی نییە، ئینجا چون دەبێت تۆ هێزی پێشمەرگە بکەیتە بەشێك لەهێزی وشکانی؟ دواییش هێزی وشکانی بە خۆی هەمووی ١٥٠ هەزار کەسن، ئەگەر ١٧٪ی بدەن بە پێشمەرگە ئەوا ناکاتە مووچەی ٢٠ هەزار پێشمەرگە، بە رای ئەوان ئەوە دەبێتە سەرکەوتن کە ئێمە داوای مووچەی ٢٠ هەزار پێشمەرگە بکەین. دواییش ئەمە نابێتە سەرکەوتن، کە نەوتی کەرکووك بدەیتە دەست کۆمپانیای سۆمۆ بۆ عێراق، ئەوە چەند ساڵە حکومەتی هەرێم هەوڵ دەدات نەوتی کەرکووك بۆ کەرکووك و بۆ کوردستان بێت. ئێمە دەڵێین کەرکووك بەشێکە لەکوردستان، چۆن دەبێت وا بەئاسانی نەوتی کەرکووك بدەین بە عێراق بەرامبەر بەچی؟ بەرامبەر بە مووچەی ٦٨٠هەزار مووچەی فەرامانبەران؟ ئەحزابی کوردستان هەموویان باش دەزانن فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لەملیۆنێك و دووسەت هەزار فەرمانبەر زیاترن، باشە ئەی ئەو ئەوانی دیکە چی لێدێت؟ من قەت ئەمە بەسەرکەوتن دانانێم. ئەوە پرۆژەی هاوپەیمانی نیشتمانی بوو هی عێراق بوو کە پەسندی کرد.

**• چۆن دەتوانرێ قەرەبووی ماددی و مەعنەوی کچان و ژنانی رزگاربووی دەستی داعش بکرێتەوە؟**

- کچانی ئێزیدی پێویستیان بە هاوکاریکردن لەلایەنی جەستەیی و دەروونییەوە هەیە، چونکە ئافرەت هەیە دووساڵ لە ژێردەستی داعش بووەو تووشی چەندەها نەهامەتی بۆتەوە، وەك و توندوتیژی جەستەیی و دەروونی کۆمەڵایەتی و...هتد، لەم حاڵەتەدا تووشی نەخۆشی دەروونی بوون، جگە لەمەش کۆمەڵگە ئەم کچانە بە زەحمەت وەردەگرێتەوە، بەڵام بیرمان نەچێت رۆڵی ئەنجوومەنی روحانی و بابەشیخ بەرامبەر ئەم کچ و ئافرەتانەی کەلەژێر دەستی داعشن و رزگاریان دەبێت رۆڵێکی گەورە بوو، هەروەها پەیامی جەنابی سەرۆك بارزانی کە گوتی « کچانی کوردی ئێزیدی هێمای شەرفن « کەئەمانە بوونە پاڵپشتیەك بۆ ئەم کچ و ئافرەتانەی لە ژێر دەستی رزگاریان دەبێت بۆئەوەی لە ناخەوە نەروخێن، بەڵام لایەنی ئابووری زۆر گرینگە چونکە زۆربەیان توشی توندوتیژی جەستەی و دەروونی بوونەتەوە، پێویستیان بە چارەسەرە .

**• ئێوە وەك نوێنەرانی کورد لەبەغدا تاچەند توانیوتانە کێشەی ئافرەتی کورد بەتایبەت کچانی ئێزیدی بگەیێننە نێو پەرلەمانی عێراق ؟ ئایا حکومەت بەنیازە چی بۆ کچانی ئێزیدی بکات؟**

- هەمووممان دەزانین خاتوو ڤیان دەخیل نوێنەری کوردی ئێزیدییە لەبەغدا، ئەویش هیچ درێغییەکی نەکردووە لەو کاتەوە کە ئەو کارەساتەیان بە سەردا هات. ئێمەش وەك لیژنەی ئافرەتان دووجار سەردانی کەمپەکانمان کردووە، بەڵام ئەگەر بڵێم حکومەتی عێراق کارێکی باشی کردووە، نەخێر شتێکی زۆر زۆر کەمی کردووە، گوایە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ئەو کچانەی کە لەژێردەستی داعش رزگاردەبن، بڕی ١٠٠هەزار دیناریان وەك مووچەیەك بداتێ، ئەمەش برێکی زۆر زۆر کەمە. لەیاسای بودجەی ٢٠١٧ برێك دیاریکراوە بۆ کچانی ئێزیدی و هیچی دی نەکراوە، ٩٠٪ی ئەوەی کراوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کراوە نەك حکومەتی بەغدا.

**• لەکۆتاییدا چ پەیامێکت هەیە؟**

- ئەوەندەی ئێمە هەین، دەبێت سوپاسی پێشمەرگە بکەین، هەمووممان قەرداری پێشمەرگەین کە بەردوام لەبەرەکانی شەڕن و بەرگری لەشەرف و خاك و نیشتمانی ئێمە دەکەن. ئەگەر پێشمەرگە نەبوایە، ئێستا سروە-ش لەبەغدا نەبوو، بەڵکو ئەویش لەژێردەستی داعش دەبوو، بەداخەوە کە ئێمە گەیشتینە ئەم قوناغە کەسانێك سووکایەتی بە پێشمەرگە و خێزانی پێشمەرگە بکەن، دەبێت هەمووممان هەوڵ بدەین یارمەتی ئەوان بدەین، نەوەك بە ناوی یارمەتی بیانشکێنین و سووکایەتیان پێ بکەین. بەداخەوە ئەم قسانە لە دەمی ئافرەتێکی کوردەوە بێت، ئەگەر ژنێکی عەرەب بووایە، دەمانگوت ئەوە نەیارەو چاوی بەکوردستاندا هەڵنایێ، بەڵام ژنێکی کورد بە خراپی باس لەژنێکی کورد بکات، ئەمە کارەساتە.

**بەئەنقەست یەک دوو ئەندامانی فراکسیۆنی گۆڕان دەردەکەون و بە نەرێنی باسی حکومەتی هەرێم دەکەن، ئەمە بیروبۆچوونی کەسی نییە، بەڵکو ئەجندایەکی حزبییە**

**ئەو هەموو قارەمانەتی و فیداکاری و خوێنبەخشینەی پێشمەرگە تەنیا بۆ ئەوە بووە کە ئێمەی هاووڵاتی بەئاسوودەیی لەکوردستان بژین، پێشمەرگە بۆ ئەوە خۆی نەکردووە بە قوربانی کە ببێتە سەربازی عێراقی و بچێت لەبەغدا مووچە وەربگرێت**

**هیچ کاتێک عەرەب بەرژەوەندیی کوردی نەویستووە، بۆیە ئەوە بە کارێکی نارەوا بەرامبەربە نیشتمان دەزانم کاتێک پەرلەمانتارێکی کورد لەکەناڵێکی عەرەبی دەڵێت: «با پێشمەرگە بێت لەبەغدا مووچەکەی وەربگرێت»**